# تاچەند دەست خستنە ناو گرفتەک

ئا/ دیار سالار

**هیچ خێزانێك بێ كێشە نییە**

بەبڕوای زۆر لەژن و مێردەكان ڕوودانی كێشەو گیروگرفت لەناو خێزاندا كەشێكی ئاساییە چونكە گوایە سوننەتی ژیان وەهایە گیروگرفت هەبێت، لەمبارەیەوە ئاهەنگ ئیسماعیلی تەمەن چلوودوو ساڵ پێیوایە كێشەی خێزانی شتێكی ئاساییەو هیچ خێزانێكی كورد بێ كێشەو گرفت نییەو دەڵێت((من و مێردەكەم ڕۆژانە تووشی دەنگە دەنگ دەبینەوەو ئەویش لە ئەنجامی دڵ ناسكی و تێنەگەیشتنی هەردووكمانە لەسەر بابەتێك، بەڵام هەرگیز نەمانهێشتووە شەو و ڕۆژێك بەسەر شەڕەكەماندا تێپەڕێت و پاش كەمێك نێوانمان باش بووەتەوە، هەمیشە خۆم مێردەكەم ئاشت دەكەمەوە، چونكە مێردەكەم دڵی زۆر ناسكە، بۆیە منیش نازیم هەڵگرتووە، بەڵام بە ڕای من زۆربوونی كێشە لەنێوان هاوسەرەكاندا دەبێتە هۆی كاڵبوونەوەی خۆشەویستی، هەرچەندە ئەمە بە پێی كەسەكان دەگۆڕێت، بەڵام هەندێك هاوسەریش هەن، دەتوانن دوای ڕوودانی كێشەكان پێوەندیەكانی نێوانیان ئاسایی بكەنەوە، بەڵام زۆر گرنگە هاوسەرەكان لەكاتی كێشەكاندا بیرێك لەمنداڵەكانیان بكەنەوە)).

**هەرگیز نەمهێشتووە گرفتەكان گەورە بن**

بەقسەی ئاهەنگ ماڵەكەیان كێشەی زۆری تێدا بووە، بەڵام هەرگیز نەیهێشتووە گرفتەكان گەورەبێت و لای خۆیەوە چارەسەری كردووە،دەڵێت ((هۆكاری كێشەی خێزانەكەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە من حەز دەكەم بەردەوام لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ خزمەكانمدا بم، بەڵام مێردەكەم لەمەیاندا كەمتەرخەمی پێوە دیارە، هەر خەریكی كاركردنەو سەردانی كەسوكارم ناكات)).

**گرنگ ئەوەیە كێشەكان نەبنە هۆی تێكدانی شیرازەی خێزان**

زۆر شەڕو ئاژاوە خێزانەكان هەراسان دەكات، بەجۆرێك ژن و مێردی واهەیە سی ساڵە هاوسەری یەكترن كەچی تووشی كێشەو ئاشووب دەبنەوەو ئاماژە بەوەدەدەن كە شەڕكردن و دەمەقاڵێ بەشێكی دانەبڕاوە لە ژیانی ژن و مێردایەتی، ئەوەتا دەریا ئەمین كە ماوەی شانزە ساڵە ژیانی هاوسەری پێكهێناوەو ئێستا خاوەنی سێ منداڵە پێیوایە هیچ خێزانێك نییە ڕۆژانە گرفت و ناخۆشیان نەبێت و ژن ومێردەكە بەشێوەیەی جیاواز تووشی كێشە و ناخۆشی نەبنەوە، دەڵێت ((سەرجەم خێزانەكان كێشەیان هەیە، هەركێشەیەك هۆكارێكی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم كێشانە كاتیی بن و نەبنە هۆی تێكدانی شیرازەی خێزانەكان، چونكە ئەگەر كێشەكان درێژەیان كێشا زیان بەلایەنی دەروونی منداڵ دەدات)) هەروەها دەریا جەختی لەوەكردووەتەوە كەكێشەكان ئەگەر زوو كۆتاییان بێت و لەسەر شتی لاوەكی بن ئاساییە و دەڵێت(( ئەگەر ژن و مێرد بتوانن زوو چارەسەر بۆكێشەكان بدۆزنەوە ئاساییە، بەڵام هەندێك جار گرفتەكان ماوەیەكی زۆری خایاندووە، كێشەی گەورەتری بەدوای خۆیدا هێناوە)).

یەكێك لەسیماكانی خێزانی كورد بگرە



**ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە سەرجەم كێشەو گیروگرفتەكانی ناوخێزان كاریگەری سلبی دەكاتەسەر ژیانی هەردوو هاوسەرەكە، زۆر ئاسەواری نامۆ لەسەر كەسایەتییان دروست دەكات، بەڵام ئەوەی لە هەردووكیان زیاتر زیانی پێدەگات منداڵەكانن، چونكە منداڵ بوونەوەرێكی ناسكەو بەشێوەیەكی زۆر ترسناك، ئەو شەڕو ئاژاوەیەی ناو خێزان كاریگەری لەسەر ژیانی ئەو منداڵە دروست دەكات، زۆر ژن ومێرد ڕۆژانە ئەوەندەكێشەیان هەبووە، شەڕی نێوانیان بە شتێكی زۆر ئاسایی ناودەبەن، بەتایبەتی ئەگەر لەسەرەتای ژیانی هاوسەریدا بێت، توێژەرێكی دەروونیش پێیوایە لەكاتی ڕوودانی هەركێشەو گیروگرفتێكدا پێویستە ژن و مێرد خۆیان چارەی گونجاو بۆ كێشەكانیان بدۆزنەوە، پێویستیش ناكات كەسی سێیەم بە كێشەكانیان بزانێت، چونكە بەبڕوای ئەو توێژەرە كێشەكان ئەگەر بگەنە لای كەسی سێیەم، چارەسەربوونی زۆر زەحمەت دەبێت.**

# ...ـــانیان ژیانی هاوسەری تێکدەدات؟

تاکی ڕۆژهەڵات بەگشتی وەها ناسراوە پێی شەرمە بۆچارەسەری کێشەکانی سەردانی توێژەری دەروونی یان توێژەری کۆمەڵایەتی بکات و هەرەچەندە ئێستا لەشارەکانی کوردستاندا دەیان سەنتەری چارەسەری دەروونی و بنکەی چاکسازی کۆمەلایەتی هەن بەلام ڕێژەیەکی زۆرکەم هاووڵاتیان سەردانیان دەکەن و بگرە ئەو کەسانەی سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەن زۆر کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێرین، لەمبارەیەوە توێژەری دەروونی هانا کەمال سەرۆکی سەنتەری چارەسەری دەروونی بۆ گوڵان دواو وتی ( یەکێك لە مەترسیدارترین گرفتی خێزانەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە لەوەدایە کە هەرگیز بۆچارەسەری کێشەکانیان سەردانمان ناکەن، هەمیشە ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە هەیانە چارەسەری ناکەن تا دەگاتە ئەو کاتەی کێشەکە دەتەقێتەوەو چارەسەری نابێت، چونکە سەرجەم گرفتەکان لەبنەڕەتدا شتی ئاسایی بچووکن، بەڵام دوای بەسەرچوونی ماوەیەك ئەو گرفتە ئەگەر چارەسەر نەکرا مەترسی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت) هانا ئەوەشی خستەڕوو کە یەکێك لەو گرفتانەی زۆر ژن ومێردی لەیەکتر کردووە ئەوەیە، کەخزم و کەس بەشێوەیەکی بەربڵاو دەست دەخەنە نێو ژیانیانەوە.

سەبارەت بەکێشەکان هانا ئاماژە بەوە دەکات کەکێشە ئەگەر زۆربێت یان کەم لەخێزاندا بوونی هەیە، چونکە مرۆڤ لەڕووی دەروونیەوە هەمیشە جۆرە نائارامیەکی تێدا هەیە کە کێشەی بۆ دروست دەکات، هانا پێیوایە کێشەکان ئەگەر لەسەرەتادا بن ئاسان کۆنترۆڵ دەکرێن بەڵام دواتر ئەگەر درێژەیان کێشا مەترسی گەورەیان لێدەکەوێتەوە و دەڵێت (( کاتێك کێشەکان بووە هۆی تۆران و جیابوونەوەی ئافرەتەکە، ئەوا کێشەکان شێوەی ئاسایی خۆیان لە دەست دەدەن و خۆشەویستی و سۆزیان زۆر کەم دەبێتەوە بەرامبەر بە یەکتری، پێم باشە ژن و مێرد خۆیان چارەی گونجاو بدۆزنەوە بۆ کێشەکان و پێویست ناکات کەسی سێیەم بە کێشەکانیان بزانێ، هەندێك جار ئەو کارلێکانە گرژی و ئاڵۆزی تێدەکەوێت و هۆکاری ئەمەش لێك تێنەگەیشتنی ئەو دوو کەسەیە لە یەکتری و پێدەچێت پاش ماوەیەك باش ببن، ڕەنگە تاکۆتایی بەوشێوەیە بمێننەوە، بێجگە لەوەی کە توانای گرتنە ئەستۆی خێزان کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە خێزان خۆی لەبنەڕەتدا دامەزراوەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و تەنانەت سیاسیشە، بۆیە زۆرجار بە هەڵە مامەڵەکردن دەبێتە هۆی گرژبوونی دۆخی خێزان و لەئەنجامدا ناکۆکی و شەڕی لێدەکەوێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئاستی هوشیاری تاکەکانیش لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، چونکە کاریگەری دەبێت لەسەر پێکەوەژیانیان و لێك تێگەیشتنیان، زۆرجار منداڵیش دەبێتەهۆی چارەسەر بۆ کێشەی خێزان و وا لە دایك و باوك دەکات کە زیاتر پێکەوە بمێننەوە و لەیەکتری نزیك ببنەوە، بۆ ئەوەی منداڵەکە هەست بەوە نەکات کە کێشە هەیە لەم خێزانەدا )).



# دەردی کوژانەوەی چرای عومر.. گـــــ



نەسەختی و زەحمەتیەکانی ژیانە، نە بێ ئەمەکی ڕۆژگارانە، نە شکست و تێکشـــکانەکانی زەمانـــە، هەموو ئەمانە هەنجەتن و وا لە کەس ناکەن کۆتایی بە چـــرای عومری خۆی بهێنێت، ئـــەوە حەتمـــەن دەردێکی دەروونییە لای هەر کەسـێك کە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە، سەردەمانێکی زۆر لـــە ناخیـــدا ئـــەم دێوەزمەی مەرگە چەکەرەی کردووە، تا کەسە دەردەدارەکـــە دەگاتە ئەوەی دەگەڵ شـــاخ و بەردو چێوو چیلکە بدوێ و دواجار خـــۆی بگەیەنێتە پەت و خۆهەڵواســـین، ئەم کوڕەش بە ناوی ئەلیف کە چەنـــد ڕۆژێك لەمەوبەر خۆی بە پەتەوە هەڵواســـیوەو ئێستا براکانی ســـکاڵایان لەسەر کەسانی تـــر تۆمارکـــردووە، گوایە فشـــارو هەڕەشەوگوڕەشەی کوڕەخەزوورانێتی ئەمیان وا لێ کرد، بیر لە خۆکوشتن بکاتـــەوە، هەنجەتی وا بۆ خۆ لەناو بردن، ناکاتە هیچی هیچێك، چونکە ئەمێك کە ئەسپەشـــێی بیری بەلای مەرگـــەوە لە پەرژینگەی خەیاڵاندا ســـمکۆڵانی کردبێت، لە نەستیدا بۆ هەنجەتـــێ دەگەڕێت تـــا ڕەوایەتی بداتە خۆکوشتنەکەی خۆی، مخابن کە هەنجەتانیشی زۆر بوون، هەر لە هەنجەتی وازهێنانـــی ژنەکەی کە پێشتر زۆر شـــێت و شەیداوهۆگری یەکتر بوون، تا ئـــەو هەنجەتەی لە ئیفـــادەی براکانیدایـــە گوایە کوڕە خەزوورانی (ئەلیف)بـــە هەڕەشـــەوە تەنگیان پێ هەڵچنیبێت..

ڕاســـتیەکەی لەم گەردوونە پان و بەرین و پڕ هەڵکەوتەیەدا، ڕووداوی لەم چەشنە گەلێك زۆرو بێ شومارن، چ هی ئەو کچانەی یان ئەو کوڕانەی لە پرۆسەی عیشقدا شکستخواردون چ ئەو ژن و مێردانەی لە پرۆسەی هاوســـەرگیریدا لێکترازاون و ئاکام تەرەفێکیان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابێت، زۆربەی ئەوانەی شکستی هاوشـــێوەیان بەســـەرهاتووە، ئەگەر دەروونیان تەندروست و ورە بەرز بووبن، ئەو کەوتن و شکســـتە بەهێزتریانی کـــردون تا دەروازەی تـــر بدۆزنەوەو هیوای عیشـــق و ژیانی لەسەر بینا بکەنەوە، بەڵام ئەوانەیان کە تا چاو هەتەر بـــکات هەر لـــە منداڵییەوە ڕەشـــاییان دیتبێت و بە تروسکایی ڕەنگەکانـــی تر دیدەیان گۆش نەکرا بێت، هـــەر زوو چۆکیان دەشـــکێت و دەقوپێنـــەوەو بـــە دوورکەوتنەوەی عیشـــق و ئەوینەکە وا ســـەری لێ دەشـــێوێت ڕەنگە لە ئاکامدا بیر لە خۆکوشتنیش بکاتەوە، ئیتر هەشیانە لەو بڕیـــارە ســـامناکە کۆچبارەی خۆی چێژبەخش دەبێت، بە تایبەت ئەو کەســـانەی کە هەموو هەست و ئەوین و بیرو هۆشـــی خۆیان تەنیا بەکەســـێکی تر دەسپێرن و لەو زیاتر لە بوولێڵدا کەسانی تریان پێ نادیدە دەبێت، کاتێـــك پەت و ڕایەڵەی ئەم گیرۆدەبوونە دەپسێت، ئیتر وا دەزانن دنیا کۆتایی دێت و هەناسەسوار دەبن و لە ناخەوە دەنرکێنن، لە بارەی ئەم کەسانەوە بیستومانە لە فۆلکلۆراندا شاعیرواتەنی:

دڵ وەتاسەی غەم دەردم کارییە
دوور لە باڵاکەت خاك وەسەری من
ژینێ بێ تۆ بێ خاکەسارییە

خۆ ڕەنگە کەســـانێك هەبن گەر لەو شکستەدا خۆ بە پەتەکەش نەگەیەنن، لەبەر بێ ورەیی خۆیان سست و لاواز دەبن و بە تەواوی دەبەزن و لە ناچاریدا بەهۆش و گیانیانەوەو بە پێچەوانەی ویســـت و هۆگرییەکەیـــان بیـــر لە تۆڵەو خراپەکاری و زەبر وەشـــاندنێك بکەنـــەوە، گەرچـــی بەکارهێنانی ئـــەم هێـــزەش ئـــازاری ویژدانییان دەدات، چونکە لـــە بێئاگاییدا ئەم کەســـە دەکەوێتە بەر ڕەهێڵەی ڕق و تووڕەیـــی و لەوانەیە بە بەرکەوتنی

کوتەکێك وەخەبـــەر بێتەوە، ئەو کاتە دەزانێت کە چ نەهامەتییەکە مرۆڤ دەســـبەرداری هەســـتە جوانەکانی مرۆیـــی خۆی بێـــت، چونکە هەر لە ســـەرەتاوەش ڕۆح و گیانی پاك و بێگەرد بـــووە، ئیتر وای لێ دێت بێز لەو تۆڵەکاری و ناپەســـەندییانە بکاتـــەوە کە ئەنجامـــی داون، لەو کاتەیدا کە لە بـــەد ڕەفتارییەکانی پەشیمانە، ئەگەر کەسوکارو هاوڕێی باشـــی لە دەور نەبن، دیسان هانا بۆ خۆکوشـــتن دەباتەوە، تەبیعەتەن ئەم کەسانە لەبەردەم هەر ڕووداوگەلێکی ژیانا بڕستی گیانیان کوتەکی وێ دەکەوێت، چونکە هۆشیان داینەمۆ نییە بۆ ڕاگرتنەوەی هاوســـەنگی سۆزو هەستەکانیان، بە دروستتر تاڵە دەزووەکانـــی ڕووداوەکەیان پێ لێك نابەســـترێتەوە، بۆیە کوێرانە سۆزیان بەسەر بیرو هۆشـــیاندا زاڵ دەبێت، هەر یەك لە ئێمە ڕۆژانە ئەو کەسانە دەبینین کە لـــە کاتی تووڕەییدا یان لـــە دڵڕەنجانێکـــی ئازیزانیاندا یان لەبەر گوشاری گیروگرفتێکیان کە تووشیان دێت یان لە ساتەوەختی بەد مەستبوون و بێ هۆشـــییاندا لەبەر خۆیانەوە قسە لەگەڵ خۆیان دەکەن یان لەگەڵ سێبەری خۆیان دەکەونە شـــەڕو شـــۆڕەوە، یان ڕەفتارێکی ســـەیرو ســـەمەرەی وا دەنوێنن کە دواتر پەشـــیمانی دادیـــان نەیەت، جاریش هەیە کە دەگەنە ئەو پەڕی نائومێدبوون، ئیتربیرۆکەی کۆتایی هێنان بە ژیان بریســـکە بە مێشکیدا دەهێنێت و وا دەزانێت چیتر مەرگە تەنیا فریادڕەســـەکەیی وبەو شێوەیە هـــەزاران ڕێگەچارانی تری لێ بزر دەبێت، هەورێکی بێ دەنگ بەسەر هۆشـــیەوە دەوەســـتێت و ئیتر چ بە گولەیـــەك یان بە پەتێکەوە لە دوای بروســـکەیەکەوە، ئەم سۆزە کوێرە بە ئاســـمانی خەیاڵیـــەوە دەگرمێنێت، هێندە خۆپەرستانەو دڵڕەقانە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت بێ ئەوەی بیر لەو کۆمەڵە کەسەش بکاتەوە کە لە دوای مەرگی ئەمەوە گرفتار دەبن وکـــە جگە لە خەم و تاســـان ڕەنگە لێپێچینەوەی یاسایی و بێنەو بەردەی پۆلیسخانەو قسەو لۆمەی دنیایەك خەڵکیش بێتە وێزەی کەسوکاری و هەر بابایەو ببێتە نەسیحەتکاروناســـیحی ڕێگـــەو بیریان، واتە بە بیســـتنی ڕووداوەکەش کۆمەڵگەیەك بۆ چەند وەختانێـــك دەکەونە گێژاووی ئەوەی بۆچی و لەبەر چـــی و لە پێناوی چیدا فلانە کەس خۆی کوشت، ئیتر چیرۆك و داســـتان لەدووی مەرگی دەووترێتـــەوەو، بەو ڕووداوە کۆمەڵێ بابەتیـــش بۆ بێـــکاران دەخولقێت تا لە چایخانان مەجلیســـی قســـەی پێ گەرم دەکـــەن، لەوانەیە هەندێك کەناڵی ڕاگەیاندنیش بۆ دەرخستنی سۆزو وەفای پڕ لە مەرامی تایبەتی خۆیان گەرمە بازاڕێکی سیاسی پێ تاو بدەن و ڕەنگە هەشبێت بە نوکتەو سەربوردەی سەیرەوە سەردولکانی بۆ بهۆنێتەوە، یـــان برادەرەکانی خۆکوژ بەســـتەی دڵداری بۆ هەڵببەستن و لە دوای ســـێ ڕۆژ فرمێسك ڕشتن هەر لە بیریشیان نەمێنێت یادێکیشی بکەنەوە، دەشبێت بەهارانێك پەپولەیەك ببینن و بڵێن ئەها ئەوە ڕۆحیانەتەکەی فلانـــە کەســـە کە خۆی کوشـــت، ئەمەتا بە پەپولەیی هاتۆتەوە بۆ ناو مێرگوزاران و پەشـــیمانە لەو کارەی زاڵمانە لە بەرانبەر جەســـتەی خۆی نواندی، ڕەنگە ئەوســـا تەنیا ئەگەر خۆشەویستەکەی نووزە مەیلێکی بۆ مابێت و، پێی بڵێت:

ئازیز کۆچەکەت.. بێگانەی کردم

خۆهەڵواسینت .. لە بەینی بردم

(ئـــەم بابەتـــە لـــە بەڕێوبەرایەتی نەهێشـــتنی تـــاوان وەرگیـــراوە و ئامادەکراوەتەوە)

# ـــــەنجێکی تری گەیـــاندە پەتەکە

# نەبوونی دایەنگەی پێویست بۆ منداڵان ئافرەتی فەرمانبەر ماندوو دەکات

ئافرەتانی فەرمانبەر لەئافرەتانی تر ماندووترن، چونکە وەک خۆیان باسی دەکەن کێشەوگیروگرفتی ئافرەتی فەرمانبەر لە ئافرەتی ماڵ وئافرەتی مامۆستا زۆر زیاترە، گرفتەکان زۆرن و شێوازەکانیشی جۆراو جۆرن، هەر لە نەبوونی کاتی پێویست لەبەردەم ئافرەتانی فەرمانبەر بۆبەڕێوەبردنی ئەرکی خێزان و فەرمانگە، زۆر گرفتی تری کۆمەڵایەتی و دەروونی کە رۆژانە رووبەڕووی زۆربەی هەرەزۆری ئافرەتانی فەرمانبەر دەبنەوە، ئەمە بێجگەلە کێشەی منداڵەکانیان چۆن و لەکوێ پەروەردەبن و هەندێک ئافرەتی فەرمانبەر ئاماژە بەوە دەکەن کە بەخێوکردنیمنداڵ ئێستا ئەوەندە زەحمەت بووە، ئەوەندە کێشەی زۆرە ئێستا ناوێرن منداڵیان ببێت، چونکە دەبێت بیر لەوەبکەنەوە کە دوای مۆڵەتی دایکایەتی چۆن ئەو منداڵە بەخێو دەکەن و لەکوێ دایدەنێن.

**ئافرەتان لەماڵەوە هاوسەر و دایکن، لەفەرمانگە خزمەت بە کۆمەڵگە دەکەن**

ئەرکەکانی ئافرەتانی فەرمانبەر، وەك خۆیان باسی لێوەدەکان، زۆر زەحمەتە چونکە لەماڵەوە کابانن و دایکن لەدەرەوەش فەرمانبەرن و ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ دەکەن، لەمبارەیەوە دوین دلێری فەرمانبەر باسی لەو کێشانە کرد کە بەهۆی گەیاندنی منداڵەکەیەوە بۆ دایەنگا تووشی هاتووەو دەڵێت ((زۆرجار بەهۆی ئاڵۆزی رێگەوبان و قەرەباڵغیەوە درەنگ دەکەوم، ئەمە جگە لەو برە پارەیەی کە مانگانە دەبێت بیدەم بەدایەنگاکەو کرێی هاتوچۆکردن مەسرەفێکی زیادەیەو هەموو مانگێك پێویستە پارەیەکی دیاریکراو بۆ خەرجی دایەنگە دابین بیکەین)) هەروەها دوین باس لەوەدەکات کەلەکاتی دەوامیشدا هەر دڵی لەلای منداڵەکەیەتی و دەڵێت((هەندێکجار لەدایەنگەکەوە تەلەفۆنم بۆ دەکرێت کە منداڵەکەم نەخۆشە یان کێشەیەك هەیە بەهۆی ئەوەی دایەنگەکە زۆر دوورە لەشوێنی دەوامەکەم، ناتوانم بڕۆم بۆلای، بزانم کێشەکەی چییەو دادەو بەخێوکەرەکانی دایەنگەکەش لێی تێناگەن، هەموو ئەمانەش وایکردووە کە لەڕووی دەروونییەوە نەتوانم بەباشی کارەکانم بکەم)) هەروەها دوین جەختی لەوەشکردووە کەهەندێك لەفەرمانگەکان دایەنگای تایبەتییان بۆ فەرمانبەرەکانیان هەیە لەبەرئەوە تاڕادەیەك کێشەی منداڵی فەرمانبەرەکان چارەسەربووە.

ناوبراو ئاماژە بەوەش دەکات کەداب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان ئەرکی سەرشانی ئافرەتانیان قورس کردووەو دەڵێت ((ئەرکی سەرشانی ئافرەتانی فەرمانبەر زۆر گرانە،چونکە ئافرەتان لەماڵەوە هاوسەر و دایکن، لەفەرمانگەش لێپرساوەو خزمەت بە دەوروبەرەکەی دەکات، ئەمە سەڕەرای ئەوەی کەزۆربەی خێزانەکانی ئێمە هەڵگری کەلتوری خێڵەکین و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ کارکردنی ئافرەتدا نین لە دەرەوەی ماڵەوە)).

**ئافرەتانی فەرمانبەر نازانن منداڵەکانیان لەچ شوێنێك دابنێن**

وەك دەوترێت سەرجەم ئافرەتە فەرمانبەرەکان گرفتی زۆریان هەیە یەکێك لەو گرفتانە ئەوەیە کەنازانن منداڵەکانیان لەکوێ دابنێن، بوونی شوێنێکی ئارام بۆ منداڵەکانیان جێگەی پرسیارە، لەمبارەیەوە ئەوین کامەران فەرمانبەر لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی باس لەوەدەکات بەهۆی نەبوونی دایەنگەیەکی گونجاو بەناچاری منداڵەکانی لەلای دایکی بەجێدەهێڵێت، ئەوین پێیوایە ئەگەر ئافرەتی فەرمانبەر منداڵی هەبێت، مەحاڵە کێشەی دایەنگەو باخچەی ساوایانی نەبێت، دەڵێت : ((بەدرێژایی کاتی دەوامکردنم دڵم لای منداڵەکانمە، جگە لەوە برە پارەیەکی زۆر لەکرێی دایەنگاو هاتووچۆکردنیدا خەرج دەکەین، سەرجەم ئەو ئافرەتانەی کەفەرمانبەرن گرفتی منداڵیان هەیەو نازانن منداڵەکانیان لەچ شوێنێك دابنێن، بەتایبەتی زۆرجار نەبوونی داینگە وباخچەی ساوایان لەناو فەرمانگەکاندا دەبێتە گرفتێك بۆهەموو ئەو ئافرەتانەی کەدایکن)).



### هەندێك هاووڵاتی لەکاتی سەردانی بۆ فەرمانگەکان تیرو توانج لە ئافرەتانی فەرمانبەر دەگرن

کوردستان عومەر توێژەری کۆمەڵایەی لەسەنتەری چاودێری خێزان ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی ئافرەتانی فەرمانبەر رووبەڕووی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەشێکی زۆر لەگرفتی ئافرەتانی فەرمانبەر پەیوستە بە کۆمەڵگەوە چونکە کێشەی هەندێك فەرمانبەر ئەوەیە کە هاوسەرەکانیان بەهیچ شێوەیەك هاوکاریان ناکەن، بەڵام کێشەی بەشێکی تریان ئەوەیە کە هەردوو هاوسەرەکە لەیەکتری تێدەگەن و دەزانن چۆن ژیان بەرێبکەن بەڵام خزم وکەس بەشێویەکی فزوڵیانە خۆیان لەژیانی هاوبەشیان هەڵدەقورتێنن و دەڵێت : (( گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونیە جۆربەجۆرەکان گرفتی سەرەکی ئافرەتن زۆرجار ژنەکە لەدەوام دێتەوە ماندوو مێردەکەشی دەزانێت ژنەکەی ماندووە بەڵام لەناکاو خزمێکیان بەبێ هۆ دەڵێت بۆچی تائێستا خواردن ئامادە نەکراوە، ئتیر بەمە کێشە دروست دەبێت، هەموو ئەمانەش دەبنە فشاری کۆمەڵایەتی ودەروونی بۆ ئافرەتانی فەرمانبەر، ئەمە بێجگە لەوەی هەندێك هاووڵاتی لەکاتی سەردانی بۆ فەرمانگەکان تیرو توانج لە ئافرەتانی فەرمانبەر دەگرن، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر کاریگەری خراپ دەخاتە سەر لایەنی دەروونی و هەستی ئەو ئافرەتە )).

### مۆڵەتی دایکایەتی مافی سروشتی ئافرەتانە

گەشە دارا سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە بوونی مۆڵەتی دایکایەتی بەمووچەی تەواو یان بەبەشێکی موچە مافێکی سروشتی ئافرەتانەو هەموو ئافرەتێکیش دەتوانێت ئەو مۆڵەتە وەربگرێت، دەڵێت(( هەموو ئافرەتێك مافی خۆیەتی کە لەکاتی منداڵبووندا مۆڵەتی دایکایەتی بە موچەی تەواو وەربگرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کەئەو ئافرەتە بتوانێت هەم دایکایەتی بکات و لەهەمانکاتدا بتوانێت فەرمانبەریش بێت لەبەر ئەوە ناکرێت ئافرەتی فەرمانبەر لەو مافە بێبەشبکرێت)) هەروەها خاتوو گەشە دارا جەختی لەوەکردەوە کە ئەوان وەك لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان هەمیشە لەهەوڵدان بۆ ئەوەی کەبتوانن مافەکانی ئافرەتانی فەرمانبەر دەستەبەربکەن و چ بەشێوەی یاسای دارێژراو بێت یان بەدارشتنی بەرنامەی گونجاوبێت بۆ حکومەت تا لەرێگەیەوە بتوانن گرفتەکانیان چارەسەربکەن . ناوبراو باسی بابەتی پلە بەرزکردنەوەو گرنگیدانی بەرۆڵی ئافرەتی فەرمانبەر کرد ودەڵێت ( بابەتی دەستەبەرکردنی مافەکان و ئیمتیازەکانی ئافرەتانی فەرمانبەر دەچێتە نێو یاسای خزمەتی شارستانیەوە کە خۆی لەخۆیدا سەرجەم ئەرك و مافەکانی فەرمانبەران دەستنیشان دەکات بەڵام ئێمەش بەردەوام لەهەوڵداین کێشەکانی ئافرەتان چارەسەربکەین).

### زۆربەی ئافرەتانی فەرمانبەر ناتوانن هاوسەنگی لە نێوان ماڵەوەو فەرمانگەدا ڕابگرن

توێژەری دەروونی هانا کەمال سەرۆکی سەنتەری چارەسەری دەروونی ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە حکومەت بەرنامەی تایبەتی بۆ هۆشیارکردنەوەی فەرمانبەران هەبێت بۆئەوەی بەشێوەیەك ژیانیان بگونجێت نەکەونە ژێر فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتەو (( بەداخەوە ئافرەتی فەرمانبەر لەگشت چینەکانی تری ئافرەتان ماندووترن فشاری زۆریان لەسەرەو ژیانیان زەحمەتە چونکە دەوامی فەرمانگەکان زۆر لە دەوامی قوتابخانەکان زیاترە لەبەر ئەوە زۆربەی ئافرەتانی فەرمانبەر ناتوانن هاوسەنگی لە نێوان ماڵەوەو فەرمانگەدا ڕابگرن، بەڵام ئەو ئافرەتانەی کەمامۆستان کەمتر کێشەیان هەیە)) هەروەها ناوبراو باس لەوە دەکات بەهۆی ئەو دابوونەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتەکان رووبەرووی زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، چونکە کۆمەڵگە زۆربەی کارەکان بۆ ئافرەت سنووردار دەکات، هانا بەگرنگی دەزانێت فەرمانبەری ئافرەت لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەردا هەندێك خاڵ ڕەچاوبکات بۆئەوەی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی وکارو پیشەکەیدا بگونجێت و ناوبراو ئاماژەشی بەوەدا کاتێك هاوسەر هەڵدەبژێرێت گرنگە ئەوەیە ئەو پیاوەباوەڕی بەماف و هاوکاری ئافرەت هەبێت وتارادەیەکیش رۆشنبیر بێت،چونکە ئەگەر پیاو یارمەتی هاوسەرەکەی بدات، زۆر کاتی بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێت (( باشترواییە ژن و مێرد منداڵی کەم دروستبکەن وبەجۆرێك منداڵەکانیان یەك لە دوای یەك نەبێت بۆ ئەوەی منداڵ نەبێتە هۆی رێگری لەپرۆسەی ژیانی کارکردنی رۆژانەیان، هەروەها زۆر گرنگە کە هەردوو هاوسەر بەپێی پێویست بەشداری رێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و بۆ ئەوەی ژن بتوانێت لەکەسوکار و خەڵك و هاوڕێ و خزمەکانی بگەیەنێت کە ئەو فەرمانبەرەو کاتی کەمە)).



